# مزگەوت ماڵی خوایە

**قوبادی جەلی زادە**

سەدان جار هاتم و لەدەرگەی ماڵەکەتم دا و

لەوێ نەبووی!

ئەی لە کوێی خودای من...ئەی لەکوێی!؟

کەس نییە ئەوەندە ماڵەکەی جێ بێلێت ...کەس نییە!

بێم لە کوێ بتبینم ...

بەپەلەم خودایە.!!

بۆ نایەیتەوە ماڵ!؟

چووی چ تۆفانێك هێمن بکەیتەوە!

نێڵە نیلی کام دۆزەخ بخەوێنیت!

لەسەرە مەرگا، دڵی کام نەخۆش بدەیتەوە!

لەسەر گۆڕی کام عەبدی شەهیدت، بەکوڵ بگریت؟!

لەکوێی خودای من!!

لەکام باخچەی منداڵاندا

بەنوور چاوی تاریکی دەرێژی!

بووکە شووشە دەخەیتەوە ئامێزی منداڵیی!

گیرفانی پەپوولە پڕ دەکەیتەوە لە نەستەلە!

سەدان جار هاتم و لەوێ نیت...

بۆ ئەوەندەماڵەکەت چۆڵ دەکەیت!

بەندەکان خەیانەتت لەگەڵ دا دەکەن ... ئەی خودا،!

ئەوان لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە،

روو دەکەنە ئێمەی بێ گوناە ، هاوار دەکەن:

خودایە ... جەرگیان بسووتێنە!

خودایە ... منداڵەکانیان هەتیوکە!

خودایە ... ژنەکانیان بێوە ژن!

ئیدی ماڵەکەت چۆڵ مەکە خودای من ...

ئەوان لەماڵی تۆوە،

لەشکر دەکەنەسەر جوانی.

دەست و پەرمووچی هونەر، شەڵاڵی خوێن دەکەن!

باڵی گۆرانی دەشکێنن!

هەرەشە لە پشکووتنی گوڵ دەکەن،

لووتی مەمك دەبڕن! !

بە ئیمزا و خەتمی تۆ:

کوشتنی کانی حەڵاڵ دەکەن

نارنجۆك دەدەنە دەس منداڵ

مەمکی ژنە زەیستان پڕدەکەن لە ژەهر

زوو فریا کەوە ...

عەبدە بۆگەنەکانت دەیانەوێ

قێزەونت کەن.

دەست لە پشتی منداڵەکانما دەدەن تا،

بەردە بارانت کەن

ئەوان پێمان دەڵێن:

خودا تۆقێنەرە... هیچی تر

خودا بکووژە و... هیچی تر

خودا دۆزەخە و... هیچی تر

بگەڕێوە...

بەرماڵ خڵتانی خوێنە...

میحراب چنراوە بە مردن...

لە نێوان هەموو دووپەڕەیەکی قورئاندا،شمشێرێکی خوێناوی!

لە نێوان هەموو دوو وشەیەکی قورئان دا مینێك!

لەنێوان هەموو دوو پیتێکی قورئاندا کەڵلـەسەرێك!

درەنگە! !؟